# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ خستنەڕوی بەرهەمی کشتوکاڵ لەسنوری حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەماوەی (٢٠٠٧-٢٠١٩)

**طلعت محمد طاهر البوتانی**

بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیل:** talaatbo@gmail.com

**كاوە محمود عبدالرحمن**

بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیل:** kawa.mahmud@uor.edu.krd

**پوختە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕوی قەبارەی بەرهەمی کشتوکاڵی سنوری جوگرافیای حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستانە لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٧- ٢٠١٩، هەرچەند بەهۆی نەبونی داتاوە نەتوانراوە تەواوی ساڵەکان بۆ هەمو بەروبومە جیاوازەکان بخرێتەڕو. لاوازی لەکەرتی کشتوکاڵی لاوازیە لەدەسەڵاتی سیاسی و سیستەمی ئابوری هەر وڵاتێک، چونکە لەئەگەری بەرەوپێش نەچونی کەرتی کشتوکاڵی پەنا بۆ دەرەوە دەبرێت تا کەلێنی خۆراکی یان پێویستی ناوخۆیی بەهاوردە پڕبکرێتەوە. کە دەرەنجامی ئەوەش پاشکۆبونی خۆراک و پاشکۆیەتی ئابوریە، هەروەک چۆن وڵاتانی دواکەوتوی کردوە بەژێردەستەی وڵاتە پێشکەوتوەکان و زلهێزانی دونیا بە کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان و ساغکردنەوەی کاڵاکانی خۆیان.

هەڵبەتە هەرێمی کوردستان هەڵکەوتەیەکی گرینگی هەیە بۆ بەرەوپێشچونی کەرتی کشتوکاڵی، لەهەمانکاتدا کەرتی کشتوکاڵی سەرچاوەیەکی بەهێزە بۆ سەربەخۆی ئابوری و پاراستنی ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان.

بنەما سروشتی و مرۆییەکان هاوکارێکی گرینگی بنیادنانی کەرتی کشتوکاڵین لەهەرێمی کوردستان، بەڵام گرفت و کۆسپەکانی زیاترن لە هەلەڕەخساوەکان، کە کەرتی پیشەسازی دەرهێنان (نەوت) بۆتە کۆسپ و جێگەی بایەخی دەسەڵاتداران، ئەمەش وای کردوە ئاوڕ کەمتر لەکەرتی کشتوکاڵی بدرێتەوە، جوتیار هاندان و پاڵنەری نییە بۆئەوەی پەرەپێدان بکات، دانیشتوانی هەرێم بونەتە بەکاربەر(مشەخۆر) وەک لە بەرهەمهێن، گرینگە سیستەمی وڵات جارێکی تر بنیادبنرێتەوە بەجۆرێک لەبەرژەوەندی کەرتی کشتوکاڵی و بوژانەوەی ئەم کەرتەدابێت، بەهاندان و دابینکردنی پێداویستیەکانی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی تا پەرەپێدان بکات و قەبارەی بەرهەم لەناوخۆ بەرزبکاتەوە.

**کلیلە وشەکان:** قەبارەی بەرهەم، خۆراک، بەرهەمی ڕوەکی، بەرهەمی ئاژەڵی، پەرەپێدانی کشتوکاڵی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## پێشەكی:

دیاردە و دەركەوتەی ئەو نیشـــانە و گرفتانەی كە لەبابەتی خۆراكی هەرێمی كوردســـتاندا بەدیدەكرێت و جێگەی ســـەرنج و ڕامانە، بەتایبەتی لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەكەی ئاداری ١٩٩١ كە هەرێمی كوردســـتان وەكو ڕووبەرێكی نیمچە ســـەربەخۆ لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵدا خۆی ڕێكخســـتەوە و توانی دەســـەڵاتی شـــۆڕشـــگێری لەڕێگەی پەرلەمانێكی هەڵبژێردراوەوە بەدامەزراوەیی بكات. لێرەوە دەمەوێت وەک توێژەرێک ئاماژە بەئەو هۆكارانە بكەم كە لەناوەڕۆكی ئاســـایشـــی خۆراكی هەرێمی كوردســـتاندایە، كەبۆتە پاشـــكۆیەكی ناتەندروستی ترسناك، كە نەتوانراوە لەسێكتەری كشتوكاڵدا ئەو خەون و ئاسۆیانەی كە هەرێمی كوردستان وەكو بنەمایەكی دەسەڵاتێكی بەهێز دەیهێڵێتەوە كاری لەسەر بكرێت.

كەرتی كشـــتوكاڵ یەكێكە لەهەرە كەرتە پێشـــەنگەكانی هەرێم و دەوڵەتێكی ســـەربەخۆ، كە بتوانێت ئاســـایشـــی خۆراكی خۆی بپارێزێت و لەسەر پێی خۆی بوەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی هۆكارو ئامرازەكان زۆر لەبار و گونجاون لەدەرامەتی ســـروشـــتی و مرۆیی، بەڵام بەداخەوە گەورەترین بۆشـــایی و كورتهێنانی خۆراكی و ئاسایشی خۆراكی لەهەرێمی كوردستاندا بەدی دەكرێت.

## گرینگی توێژینەوەكە:

گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كە وڵاتانی زلهێز و بەرژەوەندیخواز هەمیشە دەیانەوێ لەڕێگەی لاوازكردن كەرتی كشـــتوكاڵی وڵاتانی تازەگەشـــەكردو یان دواكەوتو ئاســـایشـــی هەردەوڵەت و كیانێكی ســـەربەخۆ بخەنە مەترســـــیەوە، كە لەدەرئەنجامدا هەمیشـــــە ئەو دەوڵەتانە یان ئەو هەرێمانە قەرزداری دەوڵەتانی بیانی بن و هەمیشـــــە هاوردەیان زیاترە لە هەناردەكردنی خۆراكدا. گرفتی گەورەی ئەم وڵاتانەش لەجیهانی ئیســـــلامی و عەرەبیدا بەتایبەتی هەرێمی كوردستانیش وەک بەشێک لەعێراق بەشێكە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی زۆربە ڕونی بەدی دەكرێت و كە نەیانتوانیوە ســـــێكتەرەكانی ئابوری فرەچەشـــــن بكەن و تەنها پشـــــت بەچەند كەرەسەیەكی خاوی دیاریكراو ببەستن.

## كێشەی توێژینەوە:

كۆمەڵگەی كوردســـــتانی دەناڵێنێت بەدەســـــت كەمی و گرفتی بەرهەمهێنانی خۆراكی لەدەرەئەنجامی لاوازی كەرتی كشـــتوكاڵی، ســـەرەڕای بونی توانا ســـروشـــتی و مرۆییەكان، بەڵام بەناچاری پەنا بۆ هاوردەی خۆراک دەبرێت، كە ئەمەش كێشـــــەیەكی قوڵی ســـــتراتیژی نەتەوەییە و دەبێتە هۆی لاوازی بنەماكانی دەســـــەڵات و دەوڵەتدار، كە بەناچاری پەنا بۆ هاوردەی دەرەكی دەبەین و سێكتەری كشتوكاڵیش ئەوەی لەچوارچێوەی ئەم كەرتەشدایە بەتەواوی جوتیار و كارگەرانی دەناڵێنن بەدەست ئەم دۆخە نالۆژیكیەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## ئامانجی توێژینەوە:

شیکردنەوەی دۆخێکی ڕاستەقینەی بەروبومی کشتوکاڵییە لەهەرێمی کوردستاندا، خستنەڕوی بەرهەمی چەند ساڵێکە بۆ تێگەیشتن لەو واقیعەی ئێستا گوزەردەکات لەژێر ڕۆشنایی و قەبارە و دیاردە و هۆکار و ڕەنگدانەوەی کە لەکوردستاندا هەروەها دۆزینەوەی ئەو ئامراز و هۆکارانەیە کە کە یارمەتیدەرن بۆ چارەسەرێکی هەمیشەیی لەبەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵیدا.

## گریمانەی توێژینەوە:

لەگەڵ ئەوەشدا، کەهەرێمی کوردستان تەواوی دەرامەت و توانا کشتوکاڵییەکانی دەناڵێنن بەدەست گیروگرفتی زۆرەوە لەدەرەنجامی ئەو کەم و کورتیانەی لەبەدەستهێنانی خۆراکی و کشتوکاڵییەوە و ئاسایشی نەتەوەیش دەچێتە ژێر ڕکێفی ئەو دۆخە دروستکراوەی کە هەیە و هەڕەشەیە بۆ سەربەخۆیی ئابوری و ڕامیاری، دواجار بۆ گەشەپێدانی ئابوری و شڵەژانی ڕامیاری، و گریمانەی لێکوڵینەوە کە ئەم پرسیارانەی خوارەوە لێدەکەوێت:-

١-ئایا هەرێمی کوردستان لەچ ئاستێکی بەرهەمهێنانی ناوخۆیدایە؟

٢-ئایا پلان وستراتیژی وسیاسەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان چین، کە دەبێتە هۆی ڕوبەڕبونەوەی پاشکۆیی خۆراک لە هەرێمی کوردستان؟

## میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوەکەمان پشت دەبەستێ بەڕێبازی شیکاری لە شیکردنەوەی بنەما جوگرافییەکان لەهەرێمی کوردستان و میتودی ئاماری بۆ خستنەڕوی داتاو زانیارییە کشتوکاڵییەکان وبەراوردکاری لەنێوان بەروبومی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە کەرتی کشتوکاڵی بەهەردو بواری ڕوەکی و ئاژەڵی دەخاتەڕو، کە لەتەوەرەی یەکەمی ئەو باسەدا هەمو بەروبومە ڕوەکییەکانی بەرهەمهاتوی ناوخۆی هەرێم خراوەتەڕو، لەتەوەری دواتریشدا بەرهەمە ئاژەڵییەکان خراونەتەڕو.

## ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:


سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕوی پێگەی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (″15 ′55 ˚34 - ″16 ′22 ˚37) باکورو هێڵەکانی درێژی (″30 ′23 ˚42 - ″40 ′20 ˚46) ڕۆژهەڵات، نەخشەی ژمارە (1). واتە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە چوارچێوەی هەرێمی مامناوەندی باکوری گۆی زەوی، کە بوەتە هۆی دەرکەوتنی هەر چوار وەرزی ساڵ و درێژی ماوەی چەکەرەکردن و گەشەکردنی وەرزی کشتوکاڵ لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ناوچەکەدا. درێژبونەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر زیاتر لە (3) بازنەی پانی و جیاوازی تۆبۆگرافیای ناوچەکە بونەتە هۆی دەرکەوتنی ئاووهەوای جیاواز لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، کە یارمەتیدەربوە لە دابینکردنی پێداویستییە ئاووهەواییەکان بۆ بەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵی جۆراوجۆر لە ناوچەکەدا. هەروەها ناوچەی لێکۆڵینەوە کە سنوری دەسەڵاتی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، دەکەوێتە باکورو باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و عێراقەوە، نەخشەی ژمارە(٢).

**نەخشەی (1)**

**شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی لێکۆڵینەوە**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ١٠.٨ Arc GIS, Arc map, پشت بەست بە: وەزارەتی پلاندانان، ٢٠١٩. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، بڵاونەکراوە.



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021**

نەخشەی (2)

شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ۱۰.۸ ,Arc GIS, Arc map پشت بەست بە:

وەزارەتی پلاندانان، ۲۰۱۹. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی ئەسترۆنۆمی هەرێمی کوردستانی عێراق، بڵاونەکراوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## خستنەڕوی بەرهەمی کشتوکاڵی خۆراکی لەناوچەی لێکۆڵینەوە:

هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی گرنگی کشتوکاڵییەو ئەو بنەما و توانستانەی تێدا بەدیدەکرێ کە بتوانرێ پەرەپێبدرێ و خواست و پێداویستیەکانی دانیشتوان پڕبکاتەوە، بەڵام گرفتی گەورەی سیاسی و ئیداری لەپێش بوە بۆئەوەی بوژانەوە لەکەرتی کشتوکاڵدا بکات لەگرنگترین گرفتیش ئەو تێکدان و کاولکارییانە دەگرێتەوە کە لەلایەن ڕژێمەکانی پێشوی عێراقییەوە ڕوبەڕوی بۆتەوە و زیاتر لە (٤٠٠٠) گوندی ڕاگواست و دانیشتوانەکانی ناچار بەنیشتەجێکردن لە کۆمەڵگەشاریەکان کە ئەمەش وایکرد ڕێژەی جوتیار کەمبکاتەوە و کاریگەری خراپ لەسەر داهاتوی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی دروستبکات.( وزارة التخطيط، ٢٠١١، ص٤٨) بەڵام لەماوەیەکی دورودرێژدا حکومەت نەیتوانی ئەو کەرتە بەرەوپێش بەرێتەوە.
کشتوکاڵ بەهەردو بواری ڕوەکی و ئاژەڵی دەخەینەڕو تابتوانین دەریبخەین چەندە توانای پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی دانیشتوان دەکات:-

## یەکەم: بەروبومی ڕوەکی خۆراکی

خستنەڕوی بەروبومە ڕوەکیەکانی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی بەروبومی هاوینە و زستانەیە، کە بەروبومەکانی هاوینە مەبەستمان ئەو بەروبومانەیە کە لەوەرزی هاویندا بەرهەمدەهێنرێن وەک (تەماتە و خەیار و باینجان و.....هتد) و بەروبومی زستانەش ئەو بەروبومانەن کە لەکێڵگەکانی کۆتای ساڵ دەچێنرێن و لەنیوەی دوەمدا بەرهەمدەهێنرێن و زیاتر پشت بە باران دەبەستن وەک (گەنم و جۆ و نیسک و پاقلەمەنیەکان بەگشتی) (و.کشتوکاڵ،٢٠١٧،لا٤١).
سەبارەت بە ڕوبەری زەویە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان کە بۆ دو ناوچەی (دێمی و بەراو) دابەشبون، بەڵام بەشێوەیەکی ناچونیەک، چونکە ڕوبەری گشتی زەویە کشتوکاڵییەکان دەگاتە (٦,٤٢٢٥,٧٥٣)دۆنم زەوی و لەبەرئەوەش تەنها لە (٢٠,٤%)ی زەوی بەراون واتە لە ڕێگەی ئاودێریەوە ئاو دەدرێت و (٧٩,٦%)ی ئەو ڕوبەرەش زەوی دێمین کە بۆ ئاودان پشت بەباران دەبەستن. (دەستەی ئاماری هەرێم، ٢٠٢٠) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە خشتەی (١). لەبەرئەوەی دانەوێڵە لەناویشیدا گەنم کە بەروبومێکی ستراتیجیە و لە گرنگترین بەروبومی کشتوکاڵی هەرێم و سەرچاوەی سەرەکی خۆراکی دانیشتوانی هەرێمە، لەسەرەتادا دەیخەینەڕو پشت بەست بە داتاو زانیارییەکانی دامەزراوە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان:
١.دانەوێڵە: دانەوێڵە خۆراکێکی سەرەکیەو لە (٩٥%)ی کۆی بەکارهێنانی خۆراکییە بۆ مرۆڤەکان و لەهەرێمی کوردستان و عێراقیش بەخۆراکی سەرەکی هەژمارکراوە بەتایبەتی (گەنم و جۆ) لەزۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەچێنرێت و گرنگی پێدەدرێت(البوتاني،٢٠١٥،ص١٠٤).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**خشتەی ژمارە (١)**

**خشتەی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ ساڵی ٢٠١٩-٢٠٢٠**

| پارێزگاکان | دێمی | | بەراو | | ک.گشتی | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دۆنم | % | دۆنم | % | | |
| هەولێر | 1,922,528 | 90.0 | 214,568 | 10.0 | 2,137,096 | 33.3 |
| سلێمانی | 1,401,656 | 62.7 | 832,876 | 37.3 | 2,234,532 | 34.8 |
| دهۆک | 993,836 | 89.9 | 111,904 | 10.1 | 1,105,740 | 17.2 |
| گەرمیان | 802,016 | 84.6 | 146,368 | 15.4 | 948,384 | 14.8 |
| هەرێمی کوردستان | 5,120,036 | 79.7 | 1,305,716 | 20.3 | 6,425,752 | 100.0 |

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی کشتوکاڵ، ٢٠٢١

لەبەرئەوە بەروبومی گەنم و جۆ و برنج ئاماژەی پێدەکەین هەروەک لە نەخشـــەی (٣)دا بڕی ئەو بەرهەمانە خراونەتەڕو و خســـتنەڕوەکەش بۆ بەراوردکاری نییە لەنێوانیان، بەڵکو تەنها نیشـــاندانی قەبارەی بەرهەمە لەپارێزگاکان بەگوێرەی(گەنم و جۆ و برنج) خراوەتەڕو:

**أ-گەنم:**

ب-بەروبومی زستانەیە و هەرێمی کوردستان ساڵانە بەشێوەیەکی جیاواز گرنگی بەبەرهەمهێنانی گەنم دەدات، بەزۆریش پشت بەبارانی ساڵانە دەبەستێت، لەبەرئەوەی بەرهەمهێنانی گەنم لەساڵەکان جیاوازە و گۆڕانکاری بەسەرداديێت، ئەمەش بەهۆی جیاوازی لەبڕی باران بارینەوە.


بەتێڕوانین لەخشتەی (٢) ڕووبەری چێندراوی خاکی هەرێمی کوردستان بەگەنم بۆ ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠) دەگاتە (٣,٣٠٤,٠٤٧) دۆنم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بڕی بەرهەمهاتوش لەو ساڵەدا دەگاتە (٢,٤٢٩,٩٦٢)تەن، کە زۆرترینی ئەم بڕە لە پـارێزگـای هەولێرە بەڕێژەی (٣١,٢٧%) چونکە زەوی دێمەکـان زۆر زیـاترە لە پارێزگاکانی تر، بەڵام کەمترین ڕووبەریش لە ئیدارەی گەرمیانە، کە دەگاتە لە (٦,٧٢%) چونکە ناوچەیەکی گەرمەسێرە و ڕێژەی باران بارینی زۆرنییە و کاریگەری خراپ دەکاتە سەر بەرهەمهێنانی گەنم لەناوچەکە.

به هەرێمی کوردســتان تێکڕای بڕی بەرهەمهاتوی گەنم لەماوەی ســاڵانی ٢٠٠٧ تا ٢٠١٩ وەک یەک نەبوە و بەگوێرەی بڕی بارانی باریو بەرهەم زیادو کەمیکردوە، بۆنمونە لەســـاڵی ٢٠١٩ بڕی بەرهەمهاتوی گەنم گەیشــتۆتە (٢.٤٢٩.٩٦٢) تۆن، ئەم بڕەش بە بەراورد بەســاڵی پێش خۆی واتە (٢٠١٨) دوئەوەندەیە، کە بڕی بەرهەمهاتو لەساڵی ٢٠١٨دا گەیشتبوە (١.١٦٢.٣٤٦) تۆن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## نەخشەی ژمارە (٣)

## بەرهەمی خۆراکی دانەوێڵە (گەنم و جۆ و برنج)ی هەرێمی کوردستان بۆسالّی ٢٠١٨-٢٠١٩




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ١٠.٨ ,Arc GIS, Arc map پشت بەست بە: خشتەکانی(٢،٣،٤)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## خشتەی ژمارە (٢) خستنەڕوی بەرهەمی گەنم لەهەرێمی كوردستان لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١٩

| وەرزی چاندن | هەولێر | | دهۆك | | سلێمانی و هەڵەبجە | | گەرمیان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەری چاندراو/دۆنم | بری بەرهەم/تۆن | ڕووبەری چاندراو/دۆنم | بری بەرهەم/تۆن | ڕووبەری چاندراو/دۆنم | بری بەرهەم/تۆن | ڕووبەری چاندراو/دۆنم | بری بەرهەم/تۆن | ڕووبەری چاندراو/دۆنم | بری بەرهەم/تۆن |
| 2007-2008 | 623,448 | 12,469 | 452,156 | 82,518 | 4,215 | 121,084 | 136,185 | 14,039 | 1,633,289 | 230,110 |
| 2008-2009 | 71,519 | 178,798 | 615,452 | 249,258 | 885,645 | 130,602 | 187,944 | 36,299 | 2,404,231 | 594,957 |
| 2009-2010 | 793,267 | 219,245 | 845,288 | 233,751 | 87,565 | 171,682 | 209,817 | 40,588 | 2,724,022 | 665,266 |
| 2010-2011 | 973,666 | 140,944 | 886,921 | 207,031 | 740,652 | 50,777 | 280,807 | 25,909 | 2,882,046 | 424,661 |
| 2011-2012 | 628,828 | 101,292 | 711,148 | 116,243 | 930,527 | 163,749 | 240,333 | 24,774 | 2,510,836 | 406,058 |
| 2012-2013 | 636,829 | 319,856 | 710,008 | 369,296 | 640,117 | 257,853 | 272,719 | 53,351 | 2,259,673 | 1,000,356 |
| 2013-2014 | 1,032,892 | 337,224 | 86,641 | 283,125 | 5,994 | 225,698 | 161,595 | 36,538 | 1,760,297 | 882,585 |
| 2014-2015 | 1,491,220 | 448,269 | 776,478 | 334,519 | 9,084 | 277,428 | 10,495 | 36,611 | 3,281,048 | 1,096,827 |
| 2015-2016 | 1,380,049 | 601,396 | 690,751 | 329,228 | 817,745 | 587,454 | 307,051 | 168,706 | 3,195,596 | 1,686,784 |
| 2016-2017 | 948,983 | 411,676 | 641,461 | 259,456 | 718,242 | 277,316 | 3,504 | 71,033 | 2,659,086 | 1,019,481 |
| 2018 | 1,524,060 | 403,330 | 761,277 | 304,511 | 10,273,100 | 452,905 | / | 16,000 | 3,382,622 | 1,176,746 |
| 2019 | 1,007,611 | 759,924 | 833,143 | 624,857 | 1,215,675 | 878,918 | 247,618 | 163,263 | 3,304,047 | 2,426,962 |
| ك.گشتی | 11,112,372 | 3,934,423 | 8,010,724 | 3,393,793 | 16,328,561 | 3,595,466 | 2,058,068 | 687,111 | | 11610793 |

**سەرچاوە كاری توێژەر پشت بەست بە:**

١.حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، راپۆرتی ساڵانەی بەروبومی زستانە ساڵی ٢٠١٩، چالاكییەكانی لە ١-١-٢٠١٩ تاكو ٣١-١٢-٢٠١٩ لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان


٢.حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، راپۆرتی ساڵانەی بەروبومی زستانە ساڵی ٢٠١٨، چالاكییەكانی لە ١-١-٢٠١٨ تاكو ٣١-١٢-٢٠١٨ لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان

٣. حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، پرۆفایلی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو ٢٠١٧.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**شێوەی (١)**

**نیشاندانی بەرهەمی گەنم لەماوەی ٢٠٠٧-٢٠١٩ لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان**




سەرچاوە: خشتەی ژمارە(٢)

### ت-جۆ:

ث- لەو خۆراکانەیە کە بەپلەی دوەم دێت لەدوای گەنمەوە، سەرەڕای بۆ خواردن بەکاردێ، لەهەمان کاتدا زۆر گرنگە بۆ خۆراکی ئالیکیش بەتێڕوانین لە خشتەی(٣)، بەگشتی ڕوبەری چێنراوی جۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ ســـاڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠) دەگاتە (٣٧٠,٦٤٧) دۆنم و بڕی بەرهەمهاتوش دەگاتە (٤٩٠,١٩٩) تەن بڕی بەرهەمهاتو بەگوێرەی ساڵ و شـوێن گۆڕانکاری بەسـەردادێ، ئەویش بەهۆی ئاوهەوای شـوێنەکەو بڕی داباریینەوە، بڕی بەرهەمهاتوی جۆ لەماوەی چەندین ســـاڵدا جیاوازە. بۆنمونە (٢٠٠٧) بۆ (٢٠٠٨) بەهۆی کەمی داباریینەوە بڕی بەرهەم لەسەر ئاستی هەرێم (٨٠٧٨٧)تەن بوە، جۆ بەهۆی بەرگەگرتنی گەرما توانای خۆڕاگرتنی زیاتری هەیە و لەچاو بەرهەمی گەنم دا زوتر پێدەگات. لە شـێوەی (٢)دا بەرزبونەوە لە تێکرای بەرهەمی جۆ لەساڵی ٢٠٠٨ بۆ٢٠٠٩ بەڕونی دەردەکەوێ، لەکاتێکدا نزمبونەوەیەکی زۆر لەبەرهەمی جۆدا بۆســـاڵی ٢٠١١ بۆ٢٠١٢ بەدی دەکرێت، بەڵام لە ٢٠١٩-٢٠٢٠ تاڕادەیەک بڕی بەرهەمهاتوی جۆ لەئاستێکی مام ناوەندایە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**خشتەی ژمارە(٣) خستنەڕوی بەرهەمی جۆ لەهەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١٩**

| وەرزی چاندن | هەولێر | | دهۆک | | سلێمانی و هەڵەبجە | | گەرمیان | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەری چاندراو/دۆنم | بڕی بەرهەم/تۆن | ڕووبەری چاندراو/دۆنم | بڕی بەرهەم/تۆن | ڕووبەری چاندراو/دۆنم | بڕی بەرهەم/تۆن | ڕووبەری چاندراو/دۆنم | بڕی بەرهەم/تۆن | ڕووبەری چاندراو/دۆنم | بڕی بەرهەم/تۆن |
| 2007-2008 | 640,505 | 2,562 | 14,609 | 11,687 | 20,626 | 55,484 | 157,388 | 11,054 | 1,150,243 | 80,787 |
| 2008-2009 | 80,642 | 217,733 | 18,915 | 71,877 | 3,621 | 81,342 | 215,219 | 58,804 | 1,572,889 | 429,756 |
| 2009-2010 | 43,202 | 60,084 | 199,725 | 59,556 | 45,955 | 94,315 | 172,993 | 33,916 | 1,264,288 | 247,871 |
| 2010-2011 | 390,558 | 37,212 | 70,384 | 19,337 | 342,637 | 77,047 | 1,274 | 21,178 | 903,979 | 154,774 |
| 2011-2012 | 110,176 | 11,633 | 50,091 | 7,701 | 87,914 | 22,406 | 53,803 | 6,617 | 39,321 | 48,357 |
| 2012-2013 | 13,714 | 55,457 | 53,127 | 21,507 | 146,413 | 42,288 | 72,669 | 13,779 | 409,349 | 133,031 |
| 2013-2014 | 326,043 | 105 | 78,797 | 12,922 | 189,014 | 51,708 | 6,922 | 25 | 663,074 | 64,760 |
| 2014-2015 | 416,959 | 84,643 | 37,941 | 9,235 | 37,997 | 9,689 | 10,495 | 1,399 | 93,982 | 104,966 |
| 2015-2016 | 328 | 82 | 3,777 | 102 | 23,669 | 66,275 | 14,962 | 2,918 | 75,228 | 69,377 |
| 2016-2017 | 82,111 | 25,654 | 14,859 | 5,719 | 154,364 | 4,553 | 96,755 | 14,038 | 348,089 | 49,964 |
| 2018-2019 | 169,713 | 19,116 | 4,204 | 14,704 | 29,995 | 74,988 | 58 | 1,826 | 203,970 | 110,634 |
| 2019-2020 | 248,122 | 161,278 | 45,757 | 2,059 | 14,228 | 2,846 | 6,254 | 23,731 | 314,361 | 189,914 |
| ك.گشتی | 2,522,073 | 675,559 | 592,186 | 236,406 | 1,096,433 | 582,941 | 808,792 | 189,285 | 7,038,773 | 1,684,191 |

**سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە:**

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، ڕاپۆرتی ساڵانەی بەروبومی زستانە ساڵی ٢٠١٩، چالاکییەکانی لە ١-١-٢٠١٩ تاکو ٣١-١٢-٢٠١٩ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان


٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، ڕاپۆرتی ساڵانەی بەروبومی زستانە ساڵی ٢٠١٨، چالاکییەکانی لە ١-١-٢٠١٨ تاکو ٣١-١٢-٢٠١٨ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، پرۆفایلی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ٢٠١٧.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**شێوەی ژمارە(٢)**

**نیشاندانی بەرهەمی جۆ لەماوەی ٢٠٠٧-٢٠١٩ لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان**




سەرچاوە: خشتەی ژمارە (٣)

## ج- برنج:

دوابەدوای گەنم خۆراکێکی سەرەکی ئێستای دانیشتوانە بەگوێرەی توێژینەوەکەش و هەواو خاکی هەرێمی کوردستان زۆر لەبارە بۆ چاندنی برنج بەڵام وەک پێویست نەبوە گرنگی پێنەدراوە و ئەو برەی بەرهەمدێت تەنها لە (٦%)ی پێداویستی خۆراکی ناوخۆی هەرێم پردەکاتەوە و زۆربەی ئەو برنجەی بەرهەم دێ لەجۆری برنجی خڕی دەنک کورتن و بەگوێرەی ناوچەکان گۆڕانیشیان بەسەردادێت (عبدالله،٢٠١٩،www.rudaw.net ) بەتێڕوانین لە خشتەی (٤) ڕوبەری چێنراوی برنج بۆ ساڵی (٢٠١٨) دەگاتە (173.16)دۆنم و زۆرترین ڕوبەریش لەپارێزگای دهۆکە و زۆرترین بەرهەمهێنانیش هەر لەم پارێزگایەیە، چونکە ئاوهەوای ناوچەکە تەواو یارمەتیدەرە بۆ بەرهەمهێنانی برنج، تێکڕای بەرهەمهێنانی برنج نزیکە (٧٠٪) و کەمترین بەرهەمهێنانەیش دەکەوێتە پارێزگای هەڵەبجەوە کە ناگاتە (٣٪) و تێکرای بەرهەم لەسلێمانیش زیاترە لە (١١٪)ی کۆی برنجی هەرێم و گەرمیان نزیکەی (١١٪)ی کۆی گشتی برنجی هەرێم بەرهەمدێنێ و لەپلەی سێیەمە لەدوای سلێمانیەوە.

هەروەها لە ساڵی (٢٠١٩) تێکرای ڕوبەری چاندراو دەگاتە (٢٤,٥٩٦) دۆنم و زۆرترین ڕوبەریش لەپارێزگای دهۆکە و زۆرترین بەرهەمهێنانیش هەر لەم پارێزگایەیە، کە تێکڕای بەرهەمهێنانی برنج (٨٠%) زیاترە و کەمترین بەرهەمێنانیش دەکەوێتە پارێزگای هەڵەبجەوە کە نزیکە (٠٪) چونکە کەشوهەواکەی لەبارنییەو هەولێریش دەگاتە (١,٤٧%) و سلێمانیش نزیکەی لە (١٠٪)ی کۆی برنجی هەرێم بەرهەمدەهێنێ و گەرمیان زیاتر(٨%)ی کۆی گشتی برنجی هەرێم بەرهەم دێنێ.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

خشتەی ژمارە (٤)

بەروبومی بەرهەمی برنجی ناوخۆ لە (٢٠١٨-٢٠١٩)

| پارێزگا | ڕووبەری چاندراو/دۆنم | | بەرهەم/تەن | | بەرهەم % | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2018 | 2019 | 2018 | 2019 | 2018 | 2019 |
| هەولێر | 305 | 193 | 762.5 | 289 | 5.7 | 1.5 |
| سلێمانی | 1912 | 2115 | 1530 | 1692 | 11.3 | 8.7 |
| دهۆك | 11728 | 19764 | 9382.4 | 15811 | 69.6 | 81.3 |
| گەرمیان | 1974 | 2420 | 1430 | 1658 | 10.6 | 8.5 |
| هەڵەبجە | 254 | 104 | 381 | 3 | 2.8 | 0.02 |
| هەرێمی کوردستان | 16173 | 24596 | 13485.9 | 19453 | 100 | 100 |

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی کشتوکاڵ، ٢٠٢١

## ٢.بەروبومی هاوینە:

هەمو ئەو بەروبومانە دەگرێتەوە کە لەسەرەتای هاویندا دەچێنرێن و بەرهەمدەهێنرێن وەک سەوزەکان و پاقلەمەنیەکان و میوەکان، لێرەدا ئاماژە بەبەروبومی ڕوەکی (هاوینە) لە هەرێمی کوردستان دەکەین و لەنەخشەی ژمارە (٤) نیشانی دەدەین:-

أ-**سەوزەوات:** بەیەکێک لەخۆراکە سەرەکیەکان دادەنرێت، چونکە کۆمەڵێک پێکهاتەی پێویستی وەک کاربۆهیدرات و خوێیەکان و ڤیتامینەکان و شەکر لەبونیان هەیە کە دەتوانرێ لەڕێگەی وشکردنەوە و هەڵگرتن لەساردگە هەڵبگیرێن و خۆراکی ڕۆژانەی خەڵکە (أحمد،٢٠٠٨،ص٩١)، لەخشتەی (٥)ەوە بەرهەمی سەوزەواتی هەرێمی کوردستان دەخەینەڕو، توێژەر نەیتوانی ڕوبەری چێنراو دەست بخات بۆ سەرجەم سەوزاواتەکان، بەڵام بڕی بەرهەمهاتوی سەوزەواتەکان لەهەرێمی کوردستان دەگاتە (٧٢٢,٧٣٩)تەن، لەم بەروبومانە پەتاتە پلەی یەکەمی هەیە بەڕێژەی زیاتر لە (٣٠%)ی کۆی بەرهەمی سەوزەوات لەهەرێمی کوردستان، دوای ئەویش (خەیار وتەماتە) وەک خۆراکێکی ڕۆژانەی دانیشتوان دەگاتە (٦٥-٨٥)تەن.


ب-**میوەجات:** لەوجۆرە خۆراکانەیە کە مرۆڤەکان پێویستیانە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی جەستەیان، ئەو جۆرە خۆراکەن کە زو تێکدەچن و خۆراکی ڕۆژانەن و لەڕوی تەندروستی و ئابوریەوە گرنگیان هەیە و لە پیشەسازی خۆراکیدا بەشداریدەکەن. (البوتاني،٢٠١٥،ص١٣١).

میوەکان لەهەرێمی کوردستان زیاتر ئەو میوانەن کە بەرهەمدەهێنرێن وەک (پرتەقاڵ و سێو وترێ و خۆخ و هەنار و ئالوباڵو و هەرمێ و لاڵەنگی و قەیسی و هەنجیر)، بەتێڕوانین لە خشتەی(٦)دا بۆمان دەردەکەوێ کە کۆی بەرهەمهاتوی ئەم میوانە لە ساڵی (٢٠١٨)دا گەیشتوتە (٦٧,٦٥٤)تەن، بەڵام ئەمە بۆ ساڵی (٢٠١٩) بەرزبۆتەوە بۆ (٨٨,٨٤٧)تەن، ئەمەش لەبەربونی بەرزبونەوەی خواست لەسەر بەروبومی ناوخۆییە هەروەها ترێ و هەنار وسێو لەم جۆرە میوانەن، کە زۆرترین بەکارهێنان و بەرهەمهێنانیان لەهەرێمدا هەیە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**نەخشەی ژمارە (٤)**

**بەرهەمی ڕوەکی (سەوزە و میوە و پاقلەمەنی) لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٩**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی Arc GIS, Arc map, ١٠.٨ پشت بەست بە: پاشکۆی ژمارە (٣، ٤، ٥)

تێکڕای بەرهەمهاتویان لە ساڵی (٢٠١٩)دا گەیشتۆتە (١,٣٨٦,٧١٧)تەن، کە لەو بڕە لە (٦٩,٦%)ی بەرهەمهێنانی سـێو بوە و تریێ لە (١١,٨٣%)بوە، هەناریش لە (١٨,٥٢%)بوە. سـەبارەت بەپارێزگاکان لەسـاڵی (٢٠١٩)دا پارێزگای سلێمانی ڕێژەی بەرهەمهێنانی (سێو و تریێ و هەنار)ی گەیشتۆتە لە (٦٩,٣٤%) دهۆک لە (١٦,٣١%) و هەولێر لە (١١,٩%) گەرمیان (٢,٤٤%)، بەرزی ئەم ڕێژەیە لەپارێزگای سلێمانی پەیوەستە بەلەباری ناوچەکە لەڕوی ئاوهەوا و خاکەوە، ئەمە جگەلەوەی ناوچەیەکی بەرفراوان.

ج- **پـاقلەمەنی:** ئەو بەروبومـانە دەگرێتەوە کە خۆراکی گرنگی دانیشـتوان و لە (٣٠%)ی پرۆتین لە پێکهاتەیاندایە، هەندێکیان لەوەرزی زستاندا دەچێنرێن وەک پاقلەو هەندێکیش لەکۆتای بەهاردا وەک: لۆبیـا و ماش و فاسۆلیا. ئەم بەروبومانە سەرچاوەی هێزی گەرمۆکە و ڤیتامینات و خوێ و هەندێ کەرەستەی چەورو سـلیلۆزی و ئالیکن. (البوتانی،٢٠١٥،ص١٢٦)، لەخشـتەی ژمارە (٧)ەوە تێکڕای بەرهەمهاتوی پاقلەمەنی لەهەرێمی کوردسـتان لە سـاڵی(٢٠١٨)دا دەگاتە (٣٨,٢٥٢)تەن، بەڵام لە(٢٠١٩)دا ئەم بڕە بەرزدەبێتەوە بۆ (٥٨,٨٢٤)تەن.

**خشتەی ژمارە (٥)**

**خستنەڕوی بەروبومی سەوزەوات لەماوەی (٢٠١٨-٢٠١٩) لەهەرێمی کوردستان**

| ز | 2018 | | | 2019 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | سەوزەوات | | | سەوزەوات | | |
| | ناوی بەروبوم | بری بەرهەمهاتو بەتۆن | بەرهەمهاتو % | ناوی بەروبوم | بری بەرهەمهاتو بەتۆن | بەرهەمهاتو % |
| 1 | خەیار | 83,258 | 11.52 | خەیار | 141,365 | 14.04 |
| 2 | تەماتە | 66,029 | 9.14 | تەماتە | 83,446 | 8.28 |
| 3 | باینجان | 22,241 | 3.08 | باینجان | 51,888 | 5.15 |
| 4 | بامیە | 9,563 | 1.32 | بامیە | 11,611 | 1.15 |
| 5 | پیاز | 62,233 | 8.61 | پیاز | 41,805 | 4.15 |
| 6 | پەتاتە | 229,163 | 31.71 | پەتاتە | 249,992 | 24.82 |
| 7 | کالەك | 19,242 | 2.66 | کالەك | 35,155 | 3.49 |
| 8 | ترۆزی | 10,259 | 1.42 | ترۆزی | 1,034 | 0.10 |
| 9 | شوتی | 84,345 | 11.67 | شوتی | 160,289 | 15.91 |
| 10 | کولەکە | 22,058 | 3.05 | کولەکە | 38,297 | 3.80 |
| 11 | بیبەرشیرین | 17,837 | 2.47 | بیبەرشیرین | 61,567 | 6.11 |
| 12 | بیبەری تیژ | 8,949 | 1.24 | بیبەری تیژ | 24,334 | 2.42 |
| 13 | سیر | 717 | 0.10 | سیر | 2,024 | 0.20 |
| 14 | چەوەندەر | 9,043 | 1.25 | چەوەندەر | 10,238 | 1.02 |
| 15 | گێزەر | 351 | 0.05 | گێزەر | 66 | 0.01 |
| 16 | کاهو | 9,856 | 1.36 | کاهو | 19,767 | 1.96 |
| 17 | قەرنابیت | 6,126 | 0.85 | قەرنابیت | 14,391 | 1.43 |
| 18 | کەلەرم | 12,033 | 1.66 | کەلەرم | 31,653 | 3.14 |
| 19 | سەوزەواتی جۆراوجۆر | 3,252 | 0.45 | سەوزەواتی جۆراوجۆر | 3,431 | 0.34 |
| 20 | تور | 22,587 | 3.13 | تور | 2,176 | 0.22 |
| 21 | سڵق | 12,148 | 1.68 | سڵق | 11,054 | 1.10 |
| 22 | شێلم | 11,449 | 1.58 | شێلم | 11,631 | 1.15 |
| | ك.گشتی | 722,739 | 100 | | 1,007,214 | 100 |

**سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە:**

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، راپۆرتی ساڵانەی ٢٠١٨، برو نرخی سەوزە و میوەی بەکاربراو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، راپۆرتی ساڵانەی ٢٠١٩، سەوزە میوەی خۆماڵی و هاوردە.

٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، پرۆفایلی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ٢٠١٧.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**خشتەی ژمارە (٦)**

**خستنەڕوی بەروبومی (میوە) لەماوەی ساڵەکانی (٢٠١٨-٢٠١٩) لەهەرێمی کوردستانی عێراق**

| ناوی بەروبوم | ٢٠١٨ بڕی بەرهەمهاتو بەتۆن | ٢٠١٨ بەرهەمهاتو % | ٢٠١٩ ناوی بەروبوم | ٢٠١٩ بڕی بەرهەمهاتو بەتۆن | ٢٠١٩ بەرهەمهاتو % |
|---|---|---|---|---|---|
| پرتەقاڵ | 0.155 | 0.23 | پرتەقاڵ | 0.930 | 1.05 |
| سێو | 3.375 | 4.99 | سێو | 5.161 | 5.81 |
| تری | 14.978 | 22.14 | تری | 19.683 | 22.15 |
| خۆخ | 5.061 | 7.48 | خۆخ | 4.910 | 5.53 |
| هەنار | 24.424 | 36.10 | هەنار | 32.494 | 36.57 |
| ئالوبالو | 2.278 | 3.37 | ئالوبالو | 2.439 | 2.75 |
| هەرمێ | 5.681 | 8.40 | هەرمێ | 3.146 | 3.54 |
| لاڵەنگی | 0.126 | 0.19 | لاڵەنگی | 0.000 | 0.00 |
| قەیسی | 2.655 | 3.92 | قەیسی | 1.968 | 2.22 |
| هەنجیر | 8.921 | 13.19 | هەنجیر | 18.116 | 20.39 |
| ک.گشتی | 67.654 | ١٠٠ | ک.گشتی | 88.847 | ١٠٠ |

**سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە:**

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، راپۆرتی ساڵانەی ٢٠١٨، برو نرخی سەوزە و میوەی بەکاربراو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، راپۆرتی ساڵانەی ٢٠١٩، سەوزە میوەی خۆماڵی و هاوردە.

٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، پرۆفایلی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ٢٠١٧.

تێکڕای بەرهەمهاتو بەگوێرەی ساڵی (٢٠١٩) زۆرترینی لەجۆری لۆبیا بون کە گەیشتۆتە زیاتر لە (٦٦%) کەمترین بڕیش نیسک بوە بەڕێژەی کەمتر لە (١%)، بەڵام پاقلە لە (١٤،٦٩%) بوە، نۆکیش لە (١٢،٨%)بوە، کەمی بەرهەمهێنان لەم جۆرە بەروبومانەدا بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە:-

١.نەبونی پاڵپشتی دارایی بۆ کڕینی بنەتۆوی چاک و ئامێری پێشکەوتو بۆ درونەوەیان.

٢.نەبونی بەرچاوڕونی لەپاڵپشتی کردنی جوتیاران و ڕێگریکردن لە هاوردەکردنی ئەو جۆرە بەروبومانە.

٣.کەمبونەوەی جوتیار و زۆربونی فەرمانبەر.

جگەلەم هۆکارانە چەندین هۆکاری تری لاوەکیش هەن، وەک (سیاسەتی دەوڵەت بۆ ئابوری و ڕۆڵی دەوڵەتانی هەرێمی و وڵاتانی بەرژەوەندیخواز، نەبونی ئیرادەی ناوخۆ و چەندین هۆکاری تر) کە کاریگەرن لەلاوازکردن


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

و لەمپەردروستكردن لەبەردەم بەرەوپێشچون و بوژانەوەی كەرتی كشتوكاڵ و پەرەپێدانی بەروبومی ڕوەكی جۆراوجۆر.

**خشتەی ژمارە (٧)**

**خستنەڕوی بەروبومی پاقلەمەنی لەماوەی (٢٠١٨-٢٠١٩) لەهەرێمی كوردستانی عێراق**

| ناوی بەروبوم | بڕی بەرهەمهاتو بەتۆن | بەرهەمهاتو % | ناوی بەروبوم | بڕی بەرهەمهاتو بەتۆن | بەرهەمهاتو % |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٨ | | | ٢٠١٩ | | |
| **پاقلە** | 6.827 | 17.8 | پاقلە | 8.639 | 14.69 |
| **فاسۆلیای تەڕ** | 3.233 | 8.5 | فاسۆلیلی تەڕ | 3.113 | 5.29 |
| **لۆبیا** | 8.481 | 22.2 | لۆبیا | 39.316 | 66.84 |
| **نیسك** | 2.246 | 5.9 | نیسك | 0.224 | 0.38 |
| **نۆك** | 17.465 | 45.7 | نۆك | 7.532 | 12.80 |
| **كۆی گشتی** | ٣٨,٢٥٢ | | كۆی گشتی | ٥٨,٨٢٤ | |

**سەرچاوە كاری توێژەر پشت بەست بە:**

١.حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، ڕاپۆرتی ساڵانەی ٢٠١٨، بڕو نرخی سەوزە و میوەی بەكاربراو لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان.

٢.حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، ڕاپۆرتی ساڵانەی ٢٠١٩، سەوزە میوەی خۆماڵی و هاوردە.

٣. حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، پرۆفایلی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو ٢٠١٧.

## دوەم: بەروبومی ئاژەڵی:

بەروبومی ئاژەڵی بەپاڵپشتیەكی سەرەكی ئابوری كشتوكاڵی هەژماردەكرێ و تەواوكەری بەروبومی ڕوەكییە و سەرچاوەی دابینكردنی ئاسایشی خۆراكییەو زانایان پێیان وایە پێداویستیەكانی تاك لە پرۆتینی ئاژەڵی ڕۆژانە بە (٧٠)گرام لەبەرئەوەی بەروبومی ئاژەڵی سەرچاوەی پرۆتینە، هەریەک كیلۆگرام لە گۆشتی مریشك نزیكەی (١٩٥)گرام پرۆتینی تێدایەو گۆشتی گوێرەكەو مانگاش نزیكەی (١٤٩,١٤٧)گرام پرۆتینە و ماسیش (١١٥)گرام پرۆتین و هێلكە (١١٠)گرام و شیریش (٣٥)گرام پرۆتین لەخۆدەگرن كە پێویستییەكانی جەستەی مرۆڤن.(البوتانی،٢٠١٥،ص١٤٠).

بەروبومی ئاژەڵی دابەش دەبێت بۆ چەند بەشێكی گرنگ كە هەریەكەیان قورسایی زۆر لەپەرپێدانی كەرتی كشتوكاڵیدا هەیە:-



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

### ١. بەروبومەکانی ئاژەڵی (مانگا، مەڕ، بزن، گامێش)

لەهەرێمی کوردستان پڕۆژەی جۆراوجۆر هەن کە بۆ مەبەستی پەیداکردنی خۆراک بنیاتنراون، لەخشتەی ژمارە (٨)دا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە لە ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٩) پڕۆژەکان لەگۆڕاندابون هەوڵی زیادکردن و پەرەسەندنی زیاتری دراوە بەجۆرێک لەساڵی (٢٠١٥) تەنها (١٢٢) پڕۆژە هەبون بۆ بەخێوکردنی مەڕو بزن و مانگاو گامێش، کە لەم ژمارانە لە (٥٠%)ی پڕۆژەکان بۆ بەخێوکردنی مەڕو بزن تەرخانکراوە هەروەها (٤٩,١٨%)ی بۆتەرخانکراوە بۆ بەخێوکردنی مانگا بۆ مەبەستی شیر بنیاتنراوە، بەڵام لە (٢٠١٩) پڕۆژەکان زیاتر بون بەجۆرێک بونە (١٤٦)پڕۆژە زیاتر پەرەبە بەخێوکردنی مانگاو مەڕو بزن دراوە. لەهەمان کاتدا توانی بەرهەمهێنانیش زیاتربو لە ساڵی (٢٠١٩)توانای بەرهەمهێنانی مەڕ و بزن گەیشتۆتە زیاتر لە (١٨)هەزار سەرئاژەڵ، بەخێوکردنی مانگای شیریش گەیشتۆتە نزیکەی (٨)هەزار سەر ئاژەڵ، بەڵام بەگشتی گامێش ئەرکی قورسترەو پێویستی بەناوچەی ئاو لەوەڕگای زیاتر هەیە، کەمتر بایەخی پێدراوە بۆیە لەسەرجەم ساڵەکان تەنها یەک پڕۆژە هەبوە بۆ بەخێوکردنی گامێش دابەشبونی ئاژەڵداری بەگوێرەی پارێزگاکان وەک یەک نییە بەڵکو جیاوازی هەیە لەڕێژەو ژمارەیان، کە لەخشتەی ژمارە (٩)دا ئەو جیاوازیە بەڕونی دەردەکەوێ و هەروەها لەنەخشەی (٥)دا ژمارە و ڕێژەی ئاژەڵ خراوەتەڕو.

سەبارەت بەهەرێمی کوردستان تێکڕای ئاژەڵ لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا وەک یەک نەبوە، مەڕ لەو جۆرانەیە کە لەسەرجەم ئاژەڵەکانی تر لەهەرێمی کوردستان زیاترە و لەساڵی ٢٠١٩ دا ژمارەی مەڕەکانی هەرێم زیاترە لە(٣) ملیۆن سەر، چونکە ئەرکی بەخێوکردنی گونجاوترە و زیان بەلەوەڕگاکانیش ناگەیەنێت لەهەمان کاتدا بەرهەمی زۆرە، هەروەها بزن لەپلەی دوەمدایە لەبەخێوکردندا و تێکڕاکەی زیاترە لە (١) ملیۆن سەر، پاشان مانگا و گامیش دێن، گامێش ئاژەڵێکە ئەرکی تێرکردن و خزمەتکردنی قورسە هەر لەبەرئەوەیە کەمترین ڕێژە و ژمارە هەن لەکوردستان.

بەتێڕوانین لەخشتەی (١٠) و بەروبومی گۆشت و شیر لەهەرێمی کوردستان لەساڵی (٢٠١٤) بەرهەمی گۆشتی ئاژەڵ (٦٦)هەزار تەن بوە لە ساڵی (٢٠١٧)زیادی کردوە بۆ (٧٨)هەزار تەن، بەڵام لە (٢٠١٨) بەرزبۆتەوە بۆ (٨٥)هەزار تەن زۆرترین بڕی بەرهەمهاتو لە (٢٠١٨) بۆ گۆشتی ئاژەڵ لە پارێزگای سلێمانی بوە کە ڕێژەکەی (٣٢.٥٪) کەمترین ڕێژەش ئیدارەی گەرمیانە کە دەگاتە لە (١٣.٣٪).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**خشتەی ژمارە (٨)**

**پرۆژەکانی ئاژەڵداری لەهەرێمی کوردستان لەساڵی (٢٠١٥–٢٠١٩)**

| ساڵ | بەخێوکردنی مەڕوبزن | | بەخێوکردنی مانگای شیر | | بەخێوکردنی گامێش | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.پرۆژە | توانا/سەر | ژ.پرۆژە | توانا/سەر | ژ.پرۆژە | توانا/سەر | ژ.پرۆژە | توانا/سەر |
| **2015** | 61 | 16.407 | 60 | 5.180 | 1 | 0.075 | 122 | 21.662 |
| **2016** | 72 | 17.727 | 63 | 7.192 | 1 | 0.075 | 136 | 24.994 |
| **2017** | 70 | 17.477 | 64 | 7.122 | 1 | 0.075 | 135 | 24.674 |
| **2018** | 70 | 18.807 | 72 | 7.759 | 1 | 0.075 | 143 | 26.641 |
| **2019** | 72 | 18.335 | 73 | 8.719 | 1 | 0.075 | 146 | 27.129 |
| **تێکرا** | 69 | 17.751 | 66.4 | 7.194 | 1 | 0.075 | 136.4 | 25.020 |

**سەرچاوە:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، پرۆفایلی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ٢٠١٧

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی ئامارەکانی کشتوکاڵ و ژینگە، پوختەی ئاماری سامانی ئاژەل لەهەرێمی کوردستان. ٢٠١٤–٢٠١٩، ٢٠٢١



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**خشتەی ژمارە (٩)**

**خستنەڕوی ئاژەڵ لەهەرێمی کوردستان لە ٢٠١٤ تا ٢٠١٩**

| پارێزگا | ساڵ | مەڕ | بزن | مانگا | گامێش |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 2014 | 793,000 | 507,000 | 65,000 | 0 |
| | 2015 | 793,000 | 507,000 | 65,000 | 0 |
| | 2017 | 793,000 | 507,000 | 65,000 | 0 |
| | 2019 | 631,381 | 386,934 | 93,029 | 0 |
| سلێمانی و هەڵەبجە | 2014 | 1,054,412 | 354,805 | 138,008 | 620 |
| | 2015 | 1,054,412 | 354,805 | 138,008 | 620 |
| | 2017 | 1,543,553 | 443,726 | 144,136 | 3,120 |
| | 2019 | 1,145,610 | 410,992 | 161,971 | 768 |
| دهۆك | 2014 | 776,323 | 273,223 | 47,863 | 0 |
| | 2015 | 776,323 | 273,223 | 47,863 | 0 |
| | 2017 | 776,323 | 273,223 | 47,863 | 0 |
| | 2019 | 953,000 | 345,000 | 44,300 | 0 |
| گەرمیان | 2014 | 489,141 | 88,921 | 6,128 | 2,500 |
| | 2015 | 489,141 | 88,921 | 6,128 | 2,500 |
| | 2017 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| | 2019 | 526,958 | 71,854 | 9,617 | 855 |
| هەرێمی کوردستان | 2014 | 3,112,876 | 1,223,949 | 256,999 | 3,120 |
| | 2015 | 3,112,876 | 1,223,949 | 256,999 | 3,120 |
| | 2017 | 3,112,876 | 1,223,949 | 256,999 | 3,120 |
| | 2019 | 3,256,949 | 1,214,780 | 308,917 | 1,623 |

**سەرچاوە:**

١. حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، پرۆفایلی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو ٢٠١٧.


٢.حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی كوردستان، بەشی ئامارەكانی كشتوكال و ژینگە، پوختەی ئاماری سامانی ئاژەڵ لەهەرێمی كوردستان ٢٠١٤-٢٠١٩، ٢٠٢١

سەبارەت بەشیرو بەروبومەکانی لەساڵی (٢٠١٤)دا گەیشتۆتە (٢٢٦.١٢٨) تەن بوە لە (٢٠١٧)شدا بۆتە (٢٦٨٠٠٠) تەن بوە، دواجار لە (٢٠١٨) زیادبوە و بۆتە (٢٧٤.٩٩٥) تەن شیر، بەرزترین بەرهەمهێنانی شیریش لە (٢٠١٨)دا لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەبوە و ڕێژەكەی زیاتربوە لە (٣٠٪) و هەروەها لەئیدارەی گەرمیان بوە، هۆكارەكەشی ئەوەیە وەرزی گەشە لەناوچەكە كورتە و تێكڕای باران بارینیش كەمە كە ئەمانەش كاریگەری نەرێنی لەسەر كەمبونەوەی لەوەڕگاكان دەكەن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

نەخشەی ژمارە (٥)

ئاژەڵی (مەڕ و بزن و مانگا و گامێش) لەهەرێمی كوردستان بۆساڵی ٢٠١٩




**سەرچاوە:** كاری توێژەر بەبەكارهێنانی بەرنامەی Arc GIS, Arc map, ١٠.٨ پشت بەست بە: خشتەی ژمارە(٩)

## ٢. بەروبومی پەلەوەری:

بەگشتی بەروبومی گۆشت و هێلكەی پەلەوەر دەگرێتەوە، كە خۆراكێكی بەردەوام و ڕۆژانەی دانیشتوانە، لەخشتەی ژمارە (١١) و لەبەروبومی پەلەوەری لەهەرێمی كوردستان ڕونتر تێدەگەین.

لەســـــاڵی (٢٠١٤) بری بەرهەمهاتوی گۆشــــتی پەلەوەر (٦٩٥٧٨) تەن بوە، بەڵام لە (٢٠١٥) بەرزتربۆتەوە بۆ (٨١٦١٣) تەن لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان هەڵبەت بڕی بەرهەمهاتو لەسەر ئاستی پارێزگاكان وەک یەک نین و جیاوازن، پارێزگای هەولێر ناوچەیەكی لەبارترە بۆ بنیاتنانی پرۆژەی پەلەوەری هەرلەبەرئەوە ڕێژەی بەرهەمهێنانی گۆشــتی پەلەوەر لەســاڵی (٢٠١٥) دەگاتە (٣٩.٧٪) بەڵام ڕێژەكە لە ســلێمانی دەگاتە (٢٧.٢٪) و دهۆكیش نزیكـەلە (٢٥٪) گەرمیان كەمترین ڕێژەی بەرهەمهێنانی گۆشــــتی هەیە كە دەگاتە نزیكـەی (٩٪). ســەبارەت بەبەرهەمهێنانی هێلكە خواســتی بەردەوامی دانیشــتوانی لەســەرە هەرێم ســاڵی (٢٠١٤) توانیویەتی (٨٢٣)ملیۆن هێلكە بەرهەم بهێنێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

### خشتەی ژمارە (١٠) خستنەڕوی بەروبومی ئاژەڵ (گۆشت و شیر)

| ساڵ | هەولێر | | سلێمانی و هەڵەبجە | | دهۆک | | گەرمیان | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرهەمی گۆشتی سور | بەرهەمی شیر | بەرهەمی گۆشتی سور | بەرهەمی شیر | بەرهەمی گۆشتی سور | بەرهەمی شیر | بەرهەمی گۆشتی سور | بەرهەمی شیر | بەرهەمی گۆشتی سور | بەرهەمی شیر |
| **2014** | 15,180 | 61,647 | 37,620 | 82,775 | 11,220 | 60,000 | 1,980 | 21,706 | 66,000 | 226,128 |
| **2017** | 23,400 | 80,400 | 25,350 | 87,100 | 18,880 | 64,860 | 10,370 | 35,640 | 78,000 | 268,000 |
| **2018** | 25,500 | 82,500 | 27,625 | 89,375 | 20,570 | 66,550 | 11,305 | 36,570 | 85,000 | 274,995 |

**سەرچاوە:** ١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، پرۆفایلی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ٢٠١٧.

٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی ئامارەکانی کشتوکال و ژینگە، پوختەی ئاماری سامانی ئاژەڵ لەهەرێمی کوردستان ٢٠١٤-٢٠١٩، ٢٠٢١

### خشتەی ژمارە (١١) خستنەڕوی بەروبومی باڵندە(گۆشت و هێلکە)

| ساڵ | هەولێر | | سلێمانی و هەڵەبجە | | دهۆک | | گەرمیان | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | گۆشتی پەلەوەر(تۆن/ساڵ) | هێلکەی خواردن(هێلکە/ساڵ) | گۆشتی پەلەوەر(تۆن/ساڵ) | هێلکەی خواردن(هێلکە/ساڵ) | گۆشتی پەلەوەر(تۆن/ساڵ) | هێلکەی خواردن(هێلکە/ساڵ) | گۆشتی پەلەوەر(تۆن/ساڵ) | هێلکەی خواردن(هێلکە/ساڵ) | گۆشتی پەلەوەر(تۆن/ساڵ) | هێلکەی خواردن(هێلکە/ساڵ) |
| **2014** | 27,614 | 543,000,000 | 24,630 | 0 | 12,732 | 180,000,000 | 4,602 | 100,000,000 | 69,578 | 823,000,000 |
| **2015** | 32,390 | 412,115,720 | 22,186 | 0 | 20,064 | 66,584,995 | 6,973 | 0 | 81,613 | 478,700,715 |

**سەرچاوە:** ١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، پرۆفایلی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ٢٠١٧.

٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی ئامارەکانی کشتوکاڵ و ژینگە، پوختەی ئاماری سامانی ئاژەڵ لەهەرێمی کوردستان ٢٠١٤-٢٠١٩، ٢٠٢٠

بەڵام لە (٢٠١٥) ژمارەکەی نزمکردۆتەوە بۆ (٤٧٨)ملیۆن هێلکە، هەڵبەتە ئەمەش پەیوەندی بەهەندێ هۆکارەوە هەیە لەوانە بڵاوبونەوەی نەخۆشی و هاوکارینەکردنی خاوەن پرۆژەکان و سەرهەڵدانی پشێوی نائارامی و سەرهەڵدانی جەنگی دژەتیرۆر (داعش) و سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوری لەهەرێمی کوردستان بەهۆی بڕینی بەشەبودجە لەلایەن حکومەتی ئەوسای عێراقیەوە.

ڕێژەی بەرهەمهێنانی هێلکە لەپارێزگاکانی هەرێم جیاوازەو بەتەنیا پارێزگای هەولێر توانای دابینکردنی زیاتر لە(٨٥٪)ی هەیە و ئەم پرۆژانە لەسلێمانی و گەرمیان بەپێی ساڵەکانی (٢٠١٤ و ٢٠١٥) بونییان نییە و لەدهۆکیش ڕێژەکەی کەمە و ناگاتە (١٤٪).

٣.هەنگەوانی: پرۆژەی هەنگەوانی کە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی هەنگوین بەڕێوەدەچێت یەکێکە لەپرۆسە گرنگەکان و پێویستیەکانی دانیشتوان، لەساڵی (٢٠١٧)دا زیاتر لە (١١)هەزار هەنگەوان هەیە کەتوانای بەرهەمهێنانی (٨٣٦٥,٥)کیلۆگرام هەیە، وەک لەخشتەی ژمارە (١٢)دا دەردەکەوێت کە پارێزگای هەولێر زۆرترین ڕێژەی بەرهەمهێنانی هەنگوینی هەیە کە بەتەنیا بەروبومی ساڵی (٢٠١٧) دەگاتە زیاتر لە (٤٠٠)تەن کە بەشێکی کەمی لەم ڕێژەیە هەناردەی دەرەوە کراوە، بەڵام ئیدارەی گەرمیان کەمترین پرۆژەی هەنگەوانی تێدایە و کە پەیوەستە بە کورتی وەرزی گەشە و کەمی ڕوەکی سروشتییەوە، چونکە هەنگ پێویستی بەگوڵ هەیە تا شیلەی بمژێت و هەنگوین بەرهەمبهێنێت، هەریەکە لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەو دهۆکیش توانای بەرهەمهێنانیان لە دەوروبەری لە (٣٠%)دایە. لەشێوەی(٣)دا ئەو بەرزی و نزمیانە ڕونتر دەردەکەون کەبەرهەمی هەنگوین بەخۆوە بینیوە، زۆرترین بەرزبونەوە لەساڵی ٢٠١٧دا بوە بەگوێرەی شاری هەولێر و بەپێی شارەکانی تریش گۆڕانکاری بەسەردادێت.

٤.بەرهەمهێنانی ماسی: بەروبومی ماسی خزمەتێکیس گەورە بەئابوری هەرێم دەگەیەنێ و یەکێکە لەخۆراکە سەرەکیەکانی دانیشتوان و کۆمەڵێک پێکهاتەی گرنگ لە گۆشتی ماسیدایە و جەستەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی، بەتێڕوانین لەخشتەی ژمارە (١٣) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لەساڵی (٢٠١٤) پارێزگای هەولێر زیاتر لە (٨٥%) بەرهەمی ماسی دابین بکات لەساڵی (٢٠١٥) و (٢٠١٦)دا بەرهەمی ماسی لەپارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەدا گەیشتۆتە زیاتر لە (٦٠%) و لە (٢٠١٩)دا نزیکەی نیوەی بەروبومی ماسی هەرێمی کوردستان لەپارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەدا بەرهەمهاتوە ئەمەش لەبەربونی زۆری سەرچاوەی ئاوو گونجاوی ناوچەکەیە بۆ بەرهەمهێنانی ماسی، هەروەها پارێزگای دهۆک و ئیدارەی گەرمیانیش کەمترین ڕێژەی بەرهەمهێنانی ماسیان هەیە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## خشتەی ژمارە (١٢)


## خستنەڕوی هەنگ و هەنگەوانی لەهەرێمی کوردستانی عێراق

| پارێزگا | ساڵ | هەنگەوانەکان | بەرهەمی ساڵانە | هەنگەوانەکان | بەرهەمی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | کغم | % | % |
| هەولێر | 2015 | 3600 | 400,000 | 35.6 | 46.1 |
| | 2017 | 4482 | 416,000 | 38.4 | 49.7 |
| سلێمانی وهەڵەبجە | 2015 | 3238 | 172,296 | 32.0 | 19.9 |
| | 2017 | 3645 | 275,000 | 31.2 | 32.9 |
| دهۆك | 2015 | 3125 | 290,000 | 30.9 | 33.4 |
| | 2017 | 3320 | 136,166 | 28.4 | 16.3 |
| گەرمیان | 2015 | 155 | 5,457 | 1.5 | 0.6 |
| | 2017 | 225 | 9,349 | 1.9 | 1.1 |
| هەرێمی کوردستان | 2015 | 10118 | 867,753 | 100 | 100 |
| | 2017 | 11672 | 836,515 | 100 | 100 |

**سەرچاوە:** حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی ئامارەکانی کشتوکاڵ و ژینگە، پوختەی ئاماری سامانی ئاژەل لەهەرێمی کوردستان ٢٠١٤-٢٠١٩، ٢٠٢١، ل٩

## شێوەی ژمارە(٣)

## نیشاندانی بەرهەمی هەنگوین لەهەرێمی کوردستان




سەرچاوە: خشتەی ژمارە (١٢)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**خستنەڕوی بەرهەمی ماسی بەپێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان**

| پارێزگا | ساڵ | کۆی پرۆژە | توانای وەبەرهێنان | کۆی پرۆژە | توانای وەبەرهێنان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | تەن/ساڵ | % | % |
| هەولێر | 2014 | 179 | 446.536 | 52.65 | 85.32 |
| | 2015 | 180 | 482.54 | 49.86 | 23.45 |
| | 2016 | 181 | 488.38 | 47.26 | 22.19 |
| | 2019 | 183 | 665.97 | 46.56 | 21.94 |
| سلێمانی و هەڵەبجە | 2014 | 83 | 1067.4 | 24.41 | 2.04 |
| | 2015 | 89 | 1336.01 | 24.65 | 64.93 |
| | 2016 | 91 | 1386.01 | 23.76 | 62.97 |
| | 2019 | 89 | 1439.41 | 22.65 | 47.42 |
| دهۆك | 2014 | 39 | 519.68 | 11.47 | 9.93 |
| | 2015 | 44 | 563.9 | 12.19 | 2.74 |
| | 2016 | 50 | 588.3 | 13.05 | 2.67 |
| | 2019 | 56 | 636.73 | 14.25 | 20.98 |
| گەرمیان | 2014 | 39 | 141.99 | 11.47 | 2.71 |
| | 2015 | 48 | 182.74 | 13.30 | 8.88 |
| | 2016 | 61 | 267.93 | 15.93 | 12.17 |
| | 2019 | 65 | 293.15 | 16.54 | 9.66 |
| هەرێمی کوردستان | 2014 | 340 | ٢١٧٥,٦٠٦ | 100 | 100 |
| | 2015 | 361 | ٢٥٦٥,١٩ | 100 | 100 |
| | 2016 | 383 | ٢٧٣٠,٦٢ | 100 | 100 |
| | 2019 | 393 | ٣٠٣٥,٢٦ | 100 | 100 |

**سەرچاوە:** حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەشی ئامارەکانی کشتوکاڵ و ژینگە، پوختەی ئاماری سامانی ئاژەڵ لەهەرێمی کوردستان ٢٠١٤-٢٠١٩، ٢٠٢١، ل٨.

## دەرەنجام:

١. هەرێمی کوردستان ڕووبەرێکی فراوانی بۆ کەرتی کشتوکاڵ هەیە کە زیاترە لە (٦) ملیۆن دۆنم واتە ٧٠٪ی ڕووبەری هەرێمی کوردستان شیاوە بۆ کشتوکاڵی، کەنزیکەی (٨٠٪)ی ئەو ڕووبەرە دێمییە واتە پشت بەباران دەبەستێ و تەنها لە(٢٠٪)ی بەراوە، هەروەها بنەماو توانستە سروشتی و مرۆییەکان تێیاندا بەهێزە و ئاووهەوای لەبارە، دەتوانرێت لەساڵێکدا چەند جارێک زەوییەکان بەبەروبومی جیاواز دابچێنرێت.

٢. بەگشتی دانەوێڵە لەسەرەکیترین بەروبومە خۆراکیەکانە و لەناویشیاندا (گەنم) کە لەو جۆرەیە زۆرترینی ڕووبەری هەرێمی کوردستانی داپۆشیوە و بەرهەمی زۆرە. هەروەها برنج ساڵانە بەبڕێکی کەم


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەرهەمدەهێنرێ کە ناگاتە (٢٠) تەن لەساڵێکدا، چونکە ئەرک و زەحمەتی زۆرە و هاندانیش بۆ جوتیاران لەئاستی پێویست دانییە.

٣. بەرهەمی پاقلەدارەکان کە (نۆک و نیسک و پاقلە و...هتر) دەگرێتەوە، بەپێی بەرهەمی ساڵی ٢٠١٩ نزیک بوە لە (٦٠) تەن کە بەشی ناوخۆ ناکات، بەڵکو هاوردەدەکرێت.

٤. هەنار وەک بەرهەمی ناوخۆ زۆرترین بڕی لێبەرهەم دەهێنرێت بەبەراورد بەمیوەکانی تر.

٥. پرۆژەکانی ئاژەڵداری لەئاست دانیشتوان و هەرێمی کوردستان کەمن کە نزیکەی (١٥٠) پرۆژەدەبن، هەروەها مەڕ زیاتر لەنیوەی ئاژەڵەکانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێ و دواتر مانگاو بزن و گامێش، بەڵام گامیش ڕێژەکەی زۆر کەمە چونکە بەخێوکردنی قورسە و پێویستی بەژینگەیەکی تایبەت و لەوەرگایەکی زۆر هەیە.

## ڕاسپاردە:

هەرێمی کوردستان زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی لەو جۆرەن کە پشت بەباران دەبەستێت لەبەرئەوە گرنگە بەست و بەنداو زیاتر بکرێن و هەوڵی گلدنەوەی زۆرترین بڕی ئاو بدرێت تا لە وەرزی گەرماو وشکدا بۆ ئاودێری سودی لێ وربگیردرێ، هەروەها باشترکردن و فراوانکردنی تۆڕەکانی ئاودێری و گواستنەوەی ئاو بۆ زەوییە دێمییەکان و گۆڕینیان بۆزەوی بەراو، یاخود دانانی سیستەمی بارانی دەستکرد لەڕێگەی ڕشاندن بەهۆکارە جیاوازەکان.

هاندانی جوتیار بۆ هەوڵدانی زیاتر ئەویش بەپێدانی قەرزی کشتوکاڵی و زیادکردنی نرخ لەسەر هاوردە و بەبازاڕکردنی بەروبومە ناوخۆییەکان و پشتگیری لەساغکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ و دروستکردنی چەندین ساردخانەی گەورە بۆ مەبەستی هێشتنەوەی بەروبومی ناوخۆ بۆماوەیەکی زیاتر و بەکارهێنانی لەکاتێکی جیاوازدا کە نرخی گونجاو بۆ جوتیاران بکات.

سیستەمی دەوڵەت لەگرینگی پێدان بەکەرتی نەوتەوە بگۆڕدرێ بەکەرتی کشتوکاڵی و لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن و پەروەردەوە هەوڵی هۆشیارکردنەوە و پێگەیاندنی جوتیاری شارەزا بدات و هەوڵی دامەزراندنی دامەزراوەی ئەکادیمی بۆتوێژینەوە و بەرەو پێشبردنی لایەنی زانستی و بەرهەمهێنانی جۆری نوێی بنەتۆ کە گونجاو بێ بەخاک و ئاووهەوای هەرێمی کوردستان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

# Geographical Analysis of Agricultural Products Display in the Region Kurdistan Regional Government of Iraq in (2007-2019)

**Talaat Mohammed Tahir Al-Butani**
Geography Department, Human Science College, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** talaatbo@gmail.com

**Kawa Mahmud Abdulrahman**
Geography Department, Human Science College, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** kawa.mahmud@uor.edu.krd

**Abstract:**

The goal of this research is to show the amount of agricultural production in the Kurdistan region of Iraq nowadays, from 2007 to 2019. However, because of not having data, the entire years could not be provided for the whole various crops. The lack of agricultural sector is the lack of political power and economic system in any country because the country asks for help from abroad when agricultural sector is not progressed to fulfil the gap of food or the local need. The result will be the food and economic dependency. This makes the colonized countries under the control of powerful and developed countries because of controlling bazaars and selling their goods

The Kurdistan region has a good environment for improving the agricultural sector. At the same time, the agricultural sector is a powerful source for economic independence, keeping food security and the national security of the Kurdistan region.

The natural and humanitarian basics are the important support to build the agricultural sector in the Kurdistan region, but the problems and obstacles are more than the opportunities, which the taking out (oil) is an obstacle and the authority takes advantage of it. This makes that they don’t care about the agricultural sector. The farmers have not been supported to develop the sector. The people of the Kurdistan region have become consumers (parasites), not producer. It is important that the system of the country have to be built again. In a way which serves and invigorate this sector by encouraging and providing the needs of agricultural production to make improvement in order to increase the amount of production inside of the country.

**Keywords:** The Amount of Production, Food, Vegetable Production, Animal Production, The Improvement of Agriculture.

## سەرچاوەكان:


حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، ڕاپۆرتی ساڵانەی بەروبومی زستانە ساڵی ٢٠١٩، چالاكیەكانی لە ١-١-٢٠١٩ تاكو ٣١-١٢-٢٠١٩ لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان

حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، ڕاپۆرتی ساڵانەی بەروبومی زستانە ساڵی ٢٠١٨، چالاكیەكانی لە ١-١-٢٠١٨ تاكو ٣١-١٢-٢٠١٨ لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان

حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و پەرەپێدانی مرۆیی، پرۆفایلی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو ٢٠١٧.

حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی كوردستان، بەشی ئامارەكانی كشتوكال و ژینگە، پوختەی ئاماری سامانی ئاژەل لەهەرێمی كوردستان ٢٠١٤-٢٠١٩، ٢٠٢١.

حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی كوردستان، بەشی ئامارەكانی كشتوكاڵ و ژینگە، ڕوپێوی زەوی كشتوكاڵی هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ساڵی٢٠١٩ ، ٢٠٢١.

عەبدوڵلا، ڕەوا (٢٠١٩)، بەرهەمی برنجی خۆماڵی لەدووساڵی ڕابردوودا لە (٥٥%)زیادبووە، ١٥-٤-٢٠٢١، https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/280820193

أحمد، عبدالغور إبراهيم (٢٠٠٨) نظرة اقتصادية لمشكيلة الغذاء في العراق دار الزهران للنشر والتوزيع، عمان.

البوتاني، محمد طاهر، (٢٠١٥) الأمن الغذائي العراقي بمنظور الجغرافية السياسية، شبكة الأعلام العراقي، قناة الفضائية العراقية، حروف عراقية، بيروت.

حكومة الاقليم كوردستان، وزارة التخطيط (٢٠١١)، خطة التنمية الاستراتيجية لأقليم كردستان ٢٠١٢ – ٢٠١٦، أربيل.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021